# ( ڕۆژنامەی هەواڵ و بلاوکردنەوەی فیتنەگێری و جنێو )

**ئیحسان مەلا فوئاد**

Ehsanhaji-82@hotmail.com



دەمێکە نە بابەتم ناردووە بۆ رۆژنامەی هەوال نە هیچ ژمارەیەکیم خویندوەتەوە بەلام شەمەی ڕابوردوو ژمارەیەکم لیٚ کرِی بۆ ئەوەی بزانم دەنگ وباسی ئەو رۆژنامەیە لە چیدایە ، نەمزانی ڕۆژنامەی ناوبراو هەر هەفتەی بە حزبێکەوە مەشغوڵ دەبێت وبابەتە کانیشی تەنها بریتین لە وەلامدانەوەو بەس بەنموونە ژمارە{ 187 } دێمەوە کە هەشت بابەتی وەلامدانەوەی لە خۆ گرتووە ئەمەش گوزارشت لە ئاژاوە نانەوە دەکات لە نیوان نوسەران و حزبە کاندا یان نوسەران ونوسەراندا یان فلان وفیساردا .

بەلام مەخابن رۆژنامە ئەبێت بریتی بێت لە بلاوکردنەوەی هەواڵ و ڕووداوە بابەتیە رۆژانەییەکان وگەیاندنی چەمکی ڕا ستی بەخۆینەر وگوزارشت بێت لە گەیاندنی ڕاستی و دروستی ئەو جۆرە نووسین و بۆچوونانەو لە بەرامبەریشدا ستافی بەڕێوەبەری رۆژنامەکە هەوڵ بدات لە مینبەری رۆژناگەرییەوە لەو بابەت و نوسینانە بکۆلێتەوەو پێداچوونەوەیان پێدا بکات ودواتر بلاویان بکاتەوە بۆ ئەوەی شوناسی ڕۆژنامەگەری لە دەست نەدات نەک هەر بۆ ئەوەی بلێن ئەمەیە ڕۆژنامە کە چاو نەترسانە هەموو جۆرە بابەتێک لە خۆ دەگریت و بلاویان دەکاتەوە تەنانەت بابەت ونوسینی بێشەرمانە و جنێودانیش وەکوو بەکارهێنان وبلاوکردنەوەی ووشەی { درۆ و بەرەلا و قەحپەخانە ... هتد } دەخاتە بەرچاوی خوێنەر کە هەموو ئەمانەش وا لە ڕۆژنامە دەکات تەنها فریای بلاوگردنەوەی ولامدانەوە بکەوێت و لە چوار چیوەی موقەدەسی رۆژنامە بچێتە دەرەوە .

ئا لەو کاتەدا رۆژنامەکە دەبیتە چەند لاپەڕەیەکی بیٚ کەلک ونەخوێندراوەی سەر شەقامەکان وهیچی تر ، کە هەموو کەسێک دەتوانێت ڕۆژنامەیەکی لەو شیوەیە دروست بکات وبەڕێوەشی بەرێت ئەگەر بابەتەکانی بریتی بن لە نووسینی دوور لە ڕاستی وجنێودان و بلاوکردنەوەی هەموو نوسینێکی نامە عریفی ونا ئەخلاقی ..

بەلام من قەسەم لە سەر ئەوە نیە چۆن وبەچ شێوەیەک رۆژنامە بەڕیوە دەبرێت و برەو بە ژمارەکانی دەدات بەڵکو قەسەم لەسەر ڕاگرتنی بەلانس وتەوازوونی ئەخلاقی

بڵاوکردنەوەو ڕۆژنامە نوسـیە ، قەسـەم لـە سـەر گـەورەکردن و جـوانکرنکردن و نـرخ پەیداکردنی رۆژنامەیە بەبڵاوکردنەوەی ریپۆرتاژی بوێرانەو نوسینی ڕاسـتیو هـەواڵ بـە نرخ بەنموونەی رۆژنامەی { ئاوێنە } کە توانیویەتی بە دەرچوونی چەند ژمارەیەکی کـەم ببێتە بە هێزترین وبە توانا ترین رۆژنامە لە مەیدانی رۆژنامەگەری کوردیدا و زۆر تـرین خوێنەر لە خۆ بگرێت .

لە دوادێڕمدا هیوا خوازم رۆژنامەی هـەواڵ لـەم سـاتەوە ببێتـە رۆژنامەیـەکی بەسـوود و مینیەرێکی ڕاست و نرخدار بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بابـەتی بـە نـرخ و بـە ئـەخلاق لـە شێوەی هەفتەنامەی ئاوێنە ، نەک گوزارشت بێت لە شێوەی نووسینە بێ هێزەکانی بەرێز { کاک حسین سۆران } کە لە نوسینەکاندا هەڕەشەی کوشتن دەکات و وشەی قەحپەخانە جنێو بەکاردێنێت کە ئەو هەرەشە کردەنەش دوورە لە ئەخلاقی رۆژنامە نوسێک وتەعبیرە قەسەکردنی مرۆڤێکی نایاسایی وکە سێکی دۆخی سروشـت کـە (هـۆبس) ئـا مـاژە ی بـۆ دەکات ، چونکە تاوانە ڕۆژنامەنووس بەو شێوە یە بنووسیت لە دەرگای ڕۆژنامەکان بدات ، ئەگەر هەر کەسێک دەسـتی دایـە قەڵـەم پیویـستە رێـز بنوسـێتەوە ولـە بـری حـبری قەڵەمەکەی خوێن بتکێنێتە سەر کاغەز چونکە نوسین موقەدەسە ..